دۆسیێ

کوردستانی نوێ

1

ساڵی سی و دوو ژمارە: (9020) سێشەممە 10 / 10 / 2023


# سیاسەتی روسیا بەرامبەر هۆزە کوردەکان



ماوەی چەندین سەدەیە روسیا یەکێکە لە زلهێزەکانی جیهان و رۆڵ و کاریگەریی گەورەی بەسەر رووداوەکانی جیهانەوە هەبووە و تائێستاش هەیەتی. کوردیش وەکو هەموو ئەو نەتەوانەی کە پەیوەندییان بەم زلهێزەوە هەبووە، سیاسەتەکانی کاریگەریی بەسەرەوە هەبووە، بەتایبەتی لە سەدەی 19 و 20 دا، روسیا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ناوچەکەدا.

لە ماوەی ئەم دوو سەدەیەی پێشوودا ، سەرانی کورد هەوڵیانداوە کە پەیوەندییان لەگەڵ روسیادا هەبێت، بەڵام زۆرجار ئەم هەوڵانە شکستیان هێناوە، لێرەدا دەوڵەتانی داگیرکەر و جیاوازیی کەلتووری بەتایبەتی ئایین، رۆڵی خۆیان هەبووە و نەتوانراوە پەیوەندییەکی باش لە نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی روسیادا دروست بێت بە سەردەمی سۆڤیەتیشەوە. دەتوانین بڵێین کورد نەك نەیتوانی سوود لە رۆڵ و پێگەی روسیا وەربگرێت، بگرە لە چەند قۆناغێکدا روسیا دژی خواستەکانیشی وەستاوەتەوە و لە بەرژەوەندیی داگیرکەرانی کوردستان کاریکردووە، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و دروستبوونی کۆماری تورکیای کەمالیدا.

خوێنەری بەڕێز، ئەم دۆسییەی بەردەستان بەشێکە لە توێژینەوەیەکی د. نۆدار مۆساکی، توێژەری پەیمانگەی خۆرهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستی روسیای فیدراڵ کە د. سوارە شاکەلییەوە لە روسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەم دۆسێیەدا لەبەر گرنگیی بابەتەکە، پوختەیەکی توێژینەوەکە بڵاودەکەینەوە، بەڵام بڕیارە تەواوی توێژینەوەکە لە داهاتوودا لەلایەن د.سوارە شاکەلییەوە لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوبکرێتەوە.

ئەم توێژینەوە هاوکاریمان دەکات، بۆئەوەی لەم پەیوەندییە ئاڵۆزەی نێوان کورد و روسیا تێبگەین بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدەیەمدا.

دۆسیێ — ئەردەڵان عەبدوڵڵا



نووسینی: د. نۆدار مۆساکی
و.لە روسییەوە: د. سوارە شاکەلی

لە روسیادا کورد، وەك یەکێك لەو کێشانەی، کە بارودۆخی تورکیایان قورس دەکرد، تەماشا دەکرا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە روسیا هیچ سوودێکی لەم فاکتەرە وەرنەگرت. لە سەروبەندی جەنگی کریمیادا، شۆڕشی یەزدانشێر لە ساڵی 1854، یەکێك بوو لە شۆڕشە گەورەکانی کورد بەرامبەر بە دەسەڵاتی عوسمانی و بووە مایەی سەرقاڵکردنی بەشێکی بەرچاوی سوپای عوسمانی (لە تورکیادا، شانۆی رووداوە جەنگییەکان بۆ سازدانی کوردسانێکی گەورە).[1] سەرکەوتنی جەنگیی راپەڕیوان، تورکیای لە کارەساتێکی جەنگی نزیك دەکردەوە، لە ناوچەکانی قەوقازدا.[2]

لەگەڵ ئەوەشدا، داواکارییە زۆرەکانی یەزدانشێر بۆ هاوکاری، هیچ کاردانەوەیەکی لای سەرکردایەتی سوپا بە دوای خۆیدا نەهێنا، کە بەڵێنیی پێ درا بوو هاوکاری بکرێت دژ بە سوپای عوسمانی.

لە کوردناسی روسیادا، پێش هەموو شتێك، ئەم دەنگوباسانە بە کارێکی خراپ روونکراوەتەوە، لە بارەی گەیشتنی هەواڵەکان، لە پارێزگاکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا.[3] بەهۆی ئەوەی، کە «مسوڵمانەکانی ترانسقەوقاز» (ئازەربایجان، کورد و...هتد) بە شێوەیەکی سەرەکی هاوسۆزی تورکەکان بوون و هیواکانیان بۆ «رزگاربوونیان لە دەسەڵاتی مەسیحییەکان» بە هاتنی ئەوانەوە بەستبۆوە.

بە هۆی مسوڵمانەکانی قەوقازەوە، هەواڵگریی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گەلێك چالاکتر بوو لە هەواڵگریی روسیا، کە ئەرمەنەکان خزمەتیان تێدا دەکرد.[4] لەم رووەشەوە دەبێت بگوترێت سەرباری ناتەواوی و کەموکوڕیی زانیارییەکان، بەڵام هەندێك تێگەیشتن لە بارەی جموجۆڵی کورد لەلای جەنەڕاڵەکانی روسیا هەبوون.[5] جگە لەوەش، ئەو نائارامییەی هاتبووە ئاراوە، ئەوان وایان دەخوێندەوە و بە سەرکەوتنی سوپای روسیایان دەزانی لە ئاسیای بچووکدا (لە دەستبەسەرداگرتنی بایەزید و پێشڕەویی بە رێگەی وان[6].

لە سەروبەندی شۆڕشی کورددا شازادە ب. ئۆ. بێبوتۆڤ جموجۆڵەکانی بەرامبەر بە سوپای عوسمانی راگرت، ئەمەش دەرفەتێکی بۆ تورکەکان رەخساند، کە بەشێکی سوپاکەیان لە بەرەکانی جەنگ بگوازنەوە و ئاڕاستە بکرێن بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە[7]. ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاوکاریی تورکیای کرد.

### هەڵە تێگەیشتنی روسیا لە بەرژەوەندییەکانی خۆی

بە وتەی توێژەران، ئەم بڕیارە بەهۆی رەچاوکردنی تاکتیکی سەربازییەوە بووە، هەروەها تێگەیشتنێکی هەڵە لە گرنگیی بەتوانایی «هەڵوێستی هۆزە کوردەکان» بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی روسیا[8]. ئەم رووداوانە، کە لە لایەن پ. ن. ئەڤریانۆڤ و چەمکی «هەڵە تێگەیشتنی روسیا لە بەرژەوەندییەکانی خۆی» کە لەلایەن زانایانی دواتری کوردناسییەوە پەسەندکرا، بووە مایەی رەواییدان بەو سیاسەتەی روسیا و دواتریش سۆڤیەت بەرامبەر کورد.

تێگەیشتن لە مانای بەرژەوەندییەکانی روسیا بە مانای پشتگیریکردنی کورد لە دژایەتیی حکومەتی ئەو وڵاتانەی کە کورد لە چوارچێوەیاندا دەژیا، بارودۆخی کوردی قورستر کرد، هەر ئەمەش دەبووە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی روسیا، لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، کە نە سەرکەوتنی ئەو هۆزانەی مسۆگەر دەکرد، کە نیەتی جددییان نیشان نەداوە بۆ لایەنگریی روسیا، نە جێبەجێکردنی چاوەڕوانییەکانی روسیا لەلایەن ئەوانەوە (وەك ئەوەی لەگەڵ گەلانی دیکەدا روویدا، بۆ نموونە لە باڵکان).

کوردناسی سۆڤیەتی و روسی بە ناوبانگ (م. س. لازارێڤ) شیکردنەوەی بۆ ژمارەیەکی زۆری شۆڕشەکانی کورد و نەتەوە بەڕەگەز ناتورکەکان کردووە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەلومەرجی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە (لە کۆتاییدا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی روسیا دەکرد، وەك ململانێکاری سەرەکی ئینگلیزەکان لە ناوچەکەدا)[9]، بەڵام لە پیتەربۆرگ و تەبلیس لە سەدەی نۆزدەیەمدا، وا دەخوێندرایەوە، کە بە قازانجی روسیایە کە دەوڵەتێکی تورکی لاواز هاوسنووریان بێت، وەك لە وەی دەوڵەتێکی بەهێز، کە لەسەر پارچە ورد و خاشبووەکانی تورکیا لە ئاسیادا دروست ببێت. هەروەها پشتگیریی هیچ شۆڕشێکیان نەدەکرد، کە ببێتە مایەی کارەسات و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی[10].

### سیاسەتی کوردی سوپای روسیا

سەرهەنگ (کە لە دواییدا بوو بە جەنەڕاڵ) م. د. لیخووتین بە شێوەیەکی راستەوخۆ سەرپەرشتیاری هێزی یەریڤان و سیاسەتی کوردی لە روسیا دەکرد، ئاماژەی بەوە کردووە: (بە سوودە، کە هەندێك لە کوردەکان لە ژێردەستماندا بن و لە رێگەی ئەوانەوە، هەرکاتێك پێویستمان بێت، دەتوانرێت کاریگەری لەسەر کوردەکانی تورکیا دابنرێت، بەڵام نیشتەجێکردنیان لەسەر ئاستێکی بەرفراوان بێ کەڵکە. لەگەڵ پەرتکردن و تەفروتونا کردنیان بەسەر سێ دەوڵەتدا و ئەگەری جێهێشتنی یەك بۆ ئەویتر، لە دەوڵەتی ئێمەدا، لەناو ئەواندا بەهۆی تێکچوونەکانەوە زیانمان پێ دەگەیەنن، زۆر ئەستەمە کاریگەری و دەسەڵاتێکی پتەومان بەسەریاندا هەبێت. ناتوانرێت دەسەڵاتێکی رەهایان بەسەردا بسەپێنین. ئێمە هەندێك فێریان دەکەین و زیاتر دەبنە هەڕەشە، ئێستا واباشترە کورد لە تورکیادا بمێننەوە، وەك یەکێك لە ئامرازەکان بۆ لاوازکردن و هەرەس پێهێنانی تورکیا، ئەوان ئێستا لەم رووەوە بۆ ئێمە بەسوودن. ئەگەر ئێمە بتوانین هەموو کورد بگوێزینەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆمان، ئەوا تورکیا رزگار دەبێت لە یەکێك لە نەخۆشییە درێژخایەنە ناوخۆییەکانی.

هەروەها دەڵێت: ناتوانین پشت بە دڵسۆزیی ئەوان ببەستین. ئەوان ئەو کارە دەکەن، کە لە بەرژەوەندییاندایە، دیاری لە ئێمە و تورکەکانیش وەردەگرن. ئەملاش و ئەولاش تاڵان دەکەن بەپێی ئەو دەرفەتانەی بۆیان دەڕەخسێت.

یارمەتیدانی هەردوولا، پشتگیریکردنی ئەو لایەنەی، کە مەترسی زیاتری بۆیان دەبێت. ئەوان ئێمەیان زیاتر خۆش دەوێت، چونکە ئاشکرایە ئێمە بە هێزترین، هەروەها زیاتر لە تورك خۆشیان دەوێین، چونکە لەگەڵ تورکەکاندا تەنها ناڕەزایی و پێکهەڵپڕژانیان هەیە، بەڵام ئێمە تائێستا تەنها سەرنجیانمان بۆلای خۆمان راکێشاوە، سەرباری ئەمانە ئێمە دەتوانین هاوپەیمان بین لەگەڵ تورکدا. هەروەها بەلای تورکەوە ئەوان جێگەی مەترسین، چونکە وەك دوژمنی ناوخۆ لێیان دەڕوانن، کە هاوکاریی دابینکردنی ئازووقە و چەکی ئەو سوپایە دەکەن، کە بە لایانەوە دۆست نین. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەوان بۆ ئێمە بەسوود دەبن، کاتێك لەناو تورکیادا بن)[11].

فەرماندەیەکی دیکەی سوپا بەهەمان شێوە رۆڵی گرنگی هەبوو لە سیاسەتی کوردیی سوپای روسیادا، لە سەروبەندی جەنگی 1853_1856 و 1877 _ 1878، سەرهەنگ (س. ئـ) لە ساڵی 1875 پلەی جەنەڕاڵی هەبووە لە هێزی سوارەدا، م. ت. لۆریس- مێلیکۆڤ بە هەمانشێوەی لیخووتین، وای بۆ چووە، کە (کورد لە رێزەکانی ئەو لایەنەدا دەبن، کە زۆرتر پارەیان پێ دەبەخشن، لایەنگری لەو لایەنە دەکەن، کە هەست دەکەن لە بەرژەوەندییاندایە)[12]. ئەوان لە روسیا تەنها وەك دوژمنی دوژمنەکەیان دەڕوانن.

لە راستیشدا، تێگەیشتینی سەرۆکی هۆزە کوردەکان، بەشێوەی کاتی و هاوکاری لەلایەن تورکیا و روسیاوە، پاڵی پێوەنان یارییەکی دووسەرە بکەن. هەستیان بە رۆڵی ملکەچی خۆیان کردووە لە ململانێی تورك و روسدا، لە هەمان کاتدا ئەم زلهێزانەش چ پەیوەندییەکیان پێیانەوە هەبووە. کورد هەوڵی بەدەستهێنانی لانیکەمی قازانجی هەنووکەیی دەدا، مانۆڕی دەکرد و «یان لەگەڵ فەرماندەیی سەربازانی روسیا دەکەوتە دانوستانەوە، دواتر لەگەڵ تورکیاشدا مامەڵەی کرد ئەگەر دۆخەکە لەباربوایە بۆ سەرکەوتنەکەی»[13] مەیلیان بەلای لایەنی بە هێز و ئەو لایەنەدا بوو کە زۆرتر پارەی پێ دەبەخشین (هاوسۆزی بۆ کورد)[14] لەو فاکتەرانەی کە گرنگ نەبوو بەلای زلهێزەکانەوە، بارودۆخی ئاژاوەگێڕی ناوخۆی کوردستان بوو «بەدەستهێنانی» لەلایەن روسیا تەنیا دەتوانرا کاریگەریی لەسەر ناسەقامگیریی ناوچەکانی قەوقاز هەبێت، کە «وەکوو پێشوو ناسەقامگیریی ئەم ناوچانەی دەگرتەوە، داغستان، چیرکیزیا، چیچان» بە تایبەتی مایەی نیگەرانی بوون[15]. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە بەرهەڵستکارانی ئەم ناوچانە؛ بە زنجیرەیەك «پەیوەندیی بەردەوام» لەگەڵ کوردەکانی تورکیا بەستراونەتەوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دوژمنکارانەی پیاوانی ئایینی موسڵمانی کوردەوە.

کونسوڵی گشتی روسیا لە تەبرێز، ئەنیچکۆڤ لە 17ی شوباتی 1854 سەرنجەکانی خستۆتە سەر ئەوە: (ئێستا کورد بوونەتە مەترسییەکی گەورە بۆ ئێمە، بەهۆی ئەو وتارە ئایینییانەی پیاوانی ئایینی سوننە مەزهەبی کورد لە کوردستانی تورکیا دژ بە ئێمە دەیدەن)[16]. هەربۆیە لەلایەن روسیاوە، گرەو لەسەر پشتگیریی کورد، بە ستراتیجێك دەژمێردرا، کە چاوەڕوان نەدەکرا هیچ ئەنجامێکی لێ بەدەست بهێنرێت. هەربۆیە پەیوەندییەکانی روسیا لەگەڵ کورددا، وەك تاکتیك بۆ ململانێی روسی — تورکی تەماشادەکرا. تەنانەت نەیاندەویست (بارگرانی کورد) لەگەڵ حکومەتی تورکیادا دابەش بکەن.

روسیا نەیدەتوانی داواکاری کوردەکانی تورکیا پشتگوێ بخات، چونکە جموجۆڵی ئەوان، دەشیا ببنە مایەی لاسەنگی ململانێیەکان، بە پێچەوانەشەوە دەبوونە مایەی قورسکردنی پێگەی روسیا لە ملاملانێکاندا لەگەڵ تورکەکان، کە تەنها لە سەدەی نۆزدەیەمدا ناچاربوون چوار جار لە گەڵیاندا بجەنگن.

جێگەی سەرسوڕمان نییە، لە سەروبەندی ئەم پێکهەڵپرژانە سیاسییانەدا، چەندین جار پێشنیازکراوە، ئەو هۆزە کوردانەی کە نیشتەجێی سەر سنوورەکان بوون، بهێرنێنە ژێر دەسەڵاتی روسیاوە، کە دەیانتوانی ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان مسۆگەر بکەن و ببنە مایەی سەرقاڵکردنی کورد و خزمەتکردنیان لە سوپای تورکیادا. ئەم هەوڵانە رەنگدانەوەیان هەبووە لە هەموو ئەو رێکخراوانەی سەربە ئەرشیفی جەنگی روسیان[17] و هەروەها لە (راپۆرتە کۆکراوەکانی لیژنەی شوێنەوارناسی قەوقاس[18]، کە پێویست دەکات سەرنجی زۆری پێ بدرێت بۆ توێژینەوە لە بارەیانەوە.

دەسەڵاتی تورکیا لە بەهاری 1853وە، بە بەردەوامی لێپرسراوە تورکەکانی قارسی دەنارد بۆ لای کوردەکان. لە رێگەی بەڵێنی جۆراوجۆرەوە، داوا و پێداگرییان دەکرد کە بە ژمارەی زۆری سوارەکانیان، هێزی سوارەی زیاتر پڕبکەنەوە[19].

کاتێك تورکەکان تەماشایان کرد لەلایەن کوردەوە هیچ وەڵامێك نادرێنەوە، ئەوکات دەستیان کرد بە هەڕەشە کردن لە ریش سپییەکانیان، بەوەی کە سوپای هەمیشەیی لە ناوچەکانیاندا نیشتەجێ دەکەن لەگەڵ باشبوزق [20]، لە ئەنجامدا لە سەروبەند و کاتی هەڵگیرساندنی جەنگی ناوچە سنوورییەکانی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی روسیای قەیسەریدا، بە بەردەوامی هێرشی کورد بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان رووی دەدا. وەك لیخوتین نووسیوێتی: (هێزێکی باشبوزق، کە زۆرینەیان کورد بوون، هاتنە ناو سنوورەکانی ئێمەوە، لەم نێوەدەدا دایان بەسەر هێزی قەوزاقی دانسك، کە ناوەندی هێزەکە کەوتبووە سەر رێگەی یەریڤان و سەر ناوچەکە سنوورییەکانی تورکیاوە، چەند گوندێکیان تاڵانکرد، هەر لێرەشەوە پێکدادانی جەنگی قەوقازیان دەستپێکرد[21]. هەر ئەوکاتە بە خێرایی هۆزی کوردی زیلانی پەیوەندییان بە تورکەوە کرد، ئەمانە بە شێوەیەکی کۆچەری لە تورکیا لە بەشی راستی کەناراوەکانی رووباری ئەرپاچی دەژیان. هەروەها لە بەشی روسیاش هۆزەکانی جامەدانلی و میلانی و بێزێکی پەیوەندییان پێوەکردن. ژمارەیان دەگەیشتە 4 بۆ 5 هەزار سوار. بەشێوەیەکی ئەکتیف دژی سوپای ژمارە کەمی روسیا دەجووڵان[22]. ئەم سوارانە نێردران بوون بۆئەوەی گوندەکانی ئەخڵکەلاێڤسك (ئەخلکەلای) وێران بکەن، هەر لەوێش کارەساتی ترسناکیان لە گوندە ئەرمەنی نشینەکان خوڵقاند[23].

### سەرۆك هۆزەکانی کورد

لە هەمانکاتدا، لەلایەن


یەزدان شێر


جافەر ئاغا


شازادە بێبیتۆڤ

سەرۆك هۆزەكانی كوردەوە دڵنیاییان دەدا بە ئۆردوگاكانی سوپای روسیا، كە پەلە ناكەن لە ناردنی سوارە بۆ سوپای توركیا. ئەوان تەنها چاوەڕوانی كشانەوەی سوپای توركیایان لە قارس دەكرد (ئەو كات دەرفەتیان بۆ هەڵدەكەوێت، كە بە تەواوەتی خۆیان قوتار بكەن لە دەسەڵاتی توركیا)[24]. لەگەڵ ئەوەشدا، لەلایەن سەرۆكایەتی ئەركانی سوپای روسیاوە، لە قەوقاز، جەنەڕاڵ شازادە بێبوتۆف ئەو هەوڵە كۆتایی نەهات، كە سەرنجی كورد بۆ لای خۆیان رابكێشن، ئەمە هەر بۆ ئەوە بوو، كە لە ئەگەری هەڵگیرساندنەوەی جەنگ لەگەڵ توركیادا، تا بتوانن كورد بەلای خۆیاندا رابكێشن. تا سوود لە هەندێك هەڵسوكەوتی دووژمنكارانەی كورد بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەربگرن[25]. هەرچەندە ئەم هەنگاوانە، هیچ سەركەوتنێكی هەستپێكراوی لێ وەدەست نەهات، هەر سوارەی كورد[26] بوونە هۆی لەناوبردن و هەڵهاتنی سوپای تورك لە پێكدادانی نزیك باشكادیكارێ لە 19تشرینی یەكەمی ساڵی 1853[27].

وەك شازادە بێبوتۆف، لۆریس – مەلەك، لە راپۆرتێكیدا بە ناونیشانی (جموجۆڵی دژبە ئێمە لە پایزدا) 1853ئاماژەی پێكردووە؛ (5 بۆ 6 هەزار سوارەی كورد، كە بە گشتی باشترین بەشەكانی سوپای توركیایان پێكهێناوە)[28].

لە مێژووناسی ئێمەدا ئەوە بڵاوە، كاتێك توركەكان تێكشكاون و هەڵهاتوون، كوردەكان هێرشیان كردۆتە سەریان و شوێنیان كەوتوون و تاڵانی سوپا هەمیشەییەكانیان كردووە[29]. هەر بەمەش (تووشی تێكشكانی تەواویان كردوون)[30]. ئەم خاڵە وەك خاڵی دژە تورك لەناو كورددا تەماشا دەكرا، یان وەك مەیلی كورد بۆ لای روسیا، گوایە تەنها بەهۆی بێهەڵوێستی دەسەڵاتدارانی روسیاوە بە تەواوی بەكارنەهێنراون. بەڵام بە وتەی شازادە بیبوتۆف، كە كامڵترین وەسفی جەنگەكانی بۆ بەجێ هێشتووین، پێش ئەوەی توركە هەڵهاتووەكان تاڵان بكرێن، ئەوە «جەماوەری بێشوماری كورد» بوون كە بە بەردەوامی و «بوێرانە» تا نزیكبوونەوەی كۆتایی جەنگەكان، بەسەرسەختییەوە دەجەنگان و هێرشیان دەكردە سەر پێگە بە هێزەكانی سوپای روسیا لە جەنگەكەدا و هێرشەكان زۆر بە سەختییەوە دەتوانرا بەگرییان لێ بكرێت و رابووەستێنرێن[31]. لەگەڵ ئەوەشدا، شازادە بێبوتۆف، باس لەوە دەكات، كە 36 هەزار تورك بەشداربوون لە و جەنگەدا. ئەمە سەرباری بەشداریی زیاتر لە 14 هەزار پۆلیس.

(ئاڤریانۆف لە نووسینەكانیدا، پشتی بەو دۆكیۆمێنتە بەستووە، كە دەڵێت 14 هەزار بوون)،[32] كە لەنێویاندا زیاتر لە 4 هەزار كورد بەشدار بوون[33].

ئیدی لە كانوونی یەكەمی 1853، چواردە سەرۆك هۆز و ریشسپی كورد لە چەندین چینی جیاواز و كۆمەڵەی جیاوازەوە هاتن بۆ ئەلێكساندەرۆپل، بۆ دڵنیاییدان و گوێڕایەڵی، هەروەها دوو نامە نێردرا بوو لە هەردوو بنەماڵەی بەناوبانگ و دەستڕۆیشتووی قاسم ئاغا و ئەحمەد ئاغاوە، كە لە ناوەڕۆكەكانیاندا جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە، كە كورد بەهیچ شێوەك هیچ جموجۆڵێك لە دژی روسیا ناكەن و بە پێچەوانەوە، ئامادەن بە هەموو شێوەیەك هاوكاریی روسیا بكەن. ئیدارەی روسیش بە هەمانشێوە هەریەكێكیان بە بڕە پارەیەكی زۆر باش خەڵات كرد، وەك مسۆگەری دڵسۆزی كورد بۆ روسیا لە ئەلێكساندەرۆپل بۆ چوار پشت درێژەی كێشا[34].

## شازادا بێبۆتۆف

لە كانوونی دووەمی 1854 شازادە بێبوتۆف نیازی بوو چاوی بە قاسم ئاغا بكەوێت، كە لەنێو سوپای توركیادا پلەی قاپوچ باشی پلە یەكی هەبوو، كە دەكاتە بریگادیری نێو سوپای روسیا، بەڵام ئەو لە بری خۆی خزمەكانی نارد بۆ ئەلێكساندەرۆپلسك، باسیان لەوە كردووە، كە باردۆخی لە ئاستێكی خراپدایە. سوپای توركیا لە دووری 20 فرسەخ لە خانووی قوڕینەی زستانەی قاسم ئاغا مابوونەوە[35].هەر لەبەر ئەو بارودۆخەی هاتبووە ئاراوە، شازادە بێبوتۆف، ڕێگەی دا قاسم ئاغا لە پێگەی خۆی بمێنێتەوە و بە ئاشكرا نەكەوێتە دژایەتیكردنی تورك و بەهیچ شێوەیەك هاوكاریی توركەكان نەكات و دان بە دەسەڵاتیدا بنێت وەك دەسەڵاتداری كورد و پارێزگاری لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی روسیا بكات و بیانپارێزێت لە هێرشی راوڕووتی كورد[36].

وەك ئاشكرایە هۆزەكانی دیكەی كوردیش دەیانویست پارێزگاری لە بێلایەنیی خۆیان بكەن و چاوەڕوانی كۆتاییهاتنی جەنگەكە بوون، لە ڕووی پراكتیكییەوە ئەوان هەموو سەروەت و سامانیان لەو زەوییانەدا بوو، كە لەلایەن توركەوە كۆنترۆڵكرا بوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێكردنی جموجۆڵی شازادە بێبوتۆف، هەموو ئەو كوردانەی كە نزیكبوون لێیەوە. هەر زوو ئامادەبوون پەیوەندیی پێوە بكەن و ئامادەیی نیشان بدەن بۆ هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ روسیادا[37].

لە ئازاری 1854دا، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ كورددا، لە گوندی قزل – كیلیس لە سەنجاقی شوراگێل، سەرهەنگ م. ت. لۆریس مێلیكۆف نێردرا، توانی بە نهێنینی چاوی بە ئەحمەد ئاغا بكەوێت، كە بەڵێنی دابوو هاوكاریی حكومەتی قەیسەر بكات[38].

## قاسم ئاغا

سەركەوتنەكانی شازادە بێبۆتۆف، لە خوارووی چاڵۆك لە ڕێكەوتی 15 تەممووزی 1854 لەسەر بەرزاییەكانی چینگیل لە 17تا 29تەمموز، سەربە ناوچەی كیوریوك داری لە 24 تەمموز (5 ئاب) و بۆ ماوەیەكی كاتی دەست گیرا بەسەر بایەزیددا، لەوێشدا هێرشەكانی سەر ئاسیای بچووك كۆتاییان پێهات لە 1854، لەگەڵ ئەوەشدا لە كۆتایی تشرینی یەكەمی هەمان ساڵدا لۆریس – مێلیكۆڤ، سەرلەنوێ سەردانی گوندی كیزیل -كلیسی كردەوە، لەوێدا رەزامەندیی نیشاندا بچێت بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ قاسم خاندا. سەرلەبەیانی دووی تشرینی دووەم، كەوتەڕێ لە ڕێگەی پەڕینەوە بەسەر رووباری ئارپاچیدا، لەگەڵ ژمارەیەك كازاخدا پێشوازییان لێكرا، لەلایەن ژمارەیەكی زۆری خزمەكانی قاسم ئاغا و بە یاوەری قاسم ئاغا، پاش ئەوەی بەخێرهاتن كران، گەڕانەوە بۆ گووندی كیزیل -كلیس، لۆریس - مێلیكۆڤ هەرلەوێدا بە ئامادەبوونی قاسم ئاغا، لە وتارێكدا بە ناوی شازادە بێبوتییەوە سوپاسی كوردەكانی كرد، كە توانیویانە ئارامی ناوچە سنوورییەكان بپارێزن و هەروەها هێرشی تاڵانكاری بۆ سەر گوندە ئەرمەنی نشینەكان، یاساغ كرا و هەروەها لە پای سەرڕاستیان لە بەرامبەر بەو بەڵێنانەی كە دابوویان بە روسیا (بەپێی توانا، داواكاریی توركەكان رەتبكەنەوە، لە ئامادەكردنی ژمارەی زۆری سوار بۆ هێزی سوارەی توركیا).

سەرهەنگ جەختی لەسەر ئەوە كردەوە، دۆستایەتی و جموجۆڵی كورد، هەروا نامێنێتەوە بەبێ بەخشینی دیاری بەنرخ پێیان)[39].

لە گفتوگۆكاندا، قاسم ئاغا بۆ یەكەمجار ئاماژەی بەوە كردووە، كە زۆر قورسە بتوانن ئەو بەڵێنە ببەنەسەر، كە پێشوەختە دابوویان بە روسیا، كە سوار بۆ هێزی سوارەی تورك ئامادە نەكەن، هەرلەوێشدا هەموو داواكارییەكانی روسیای قبووڵكردووە؛ پێویست دەكات هەموو كوردەكانی ژێر دەسەڵاتی بە شێوەی ئاشكرا دەبێت پەیوەندییەكانیان لەگەڵ دەسەڵاتی توركیادا بپچڕێنن. ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئەوەدا بوو كە كورد دراوسێێ هەردوو سەنجاقی شوراگێلسكی و كاگیزمانسكی، كە هی ئەرمەن و تەتەری (ئازەری) بوون.

قاسم ئاغا رەزامەندیی نیشاندا، لە هەركاتێكدا بیانەوێت، لە 800 بۆ 1000 سوارەی كورد ئامادە بكات، دژبە سوپای عوسمانی بیانخاتە ژێر فەرماندەیی سوپای روسیاوە لە ناوچەكەدا، ئەو كە زانیاری هەبوو لەبارەی بارودۆخی ناوچەكە و پلانی توركەكان، لە بەرامبەردا لۆریس- مێلكۆڤ بەڵێنی هاوكاری جەنگی پێ دا، لە ئەگەری هێرشی توركیا بۆ سەریان. هەروەها شازادە بێبوتۆف ئامادەبوو، نامەی پشتگیری بۆ بنووسێت بۆ قەیسەر تا قاسم ئاغا، پلەی سەرهەنگ وەربگرێت لە سوپای روسیادا و هەروەها هاوكاریی دارایی بۆ ببڕێتەوە بۆئەوەی هاوشانی پلە و پایەكەی بێت لەنێو كۆمەڵی كوردیدا، هەمان ئەو دەسەڵاتەی كە باوكی حسێن ئاغا هەیبوو. لە ئەگەری دڵسۆزی و خزمەتكردنی بە روسیا مافی ئەوەی هەبوو داوای بڕە پارەیەكی دیاریكراو بكات وەك مووچەی خانەنشینی، كە لە ڕێگەی پشتگیری شازادە بێبوتۆڤەوە بۆی دەنووسرا[40]. وەك هێمای سوپاسگوزاری بۆ كورد، بڕی (4000) هەزار چێرڤێنێتس یان پێ بەخشرا[41].

بەپێی ئەو رێكەوتننامەیە بێت، قاسم ئاغا لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بووە، هەروەها پرسیاری لە بارەی گەڕانەوەی كەسوكارەكەی كردووە، كە پاش جەنگی روس و فارس لە 1826 بۆ 1828، كەوتبوونە پارێزگای یەریڤانەوە. لۆریس – مێلیك باش تێگەیشتبوو، كە داواكارییەكی لەو جۆرە رێگەی تێناچێت جێبەجێ بكرێت، هەربۆیە هیچ وەڵامێكی راستەوخۆی نەخستۆتەڕوو، تەنها وتوێتی: جێبەجێكردنی ئەو جۆرە پرسانە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە بڕیاریان لە بارەوە بدات. بەپێی ئەو راپۆرتە بێت، كە نووسیوێتی بۆ شازادە بێبیتۆف، لۆریس – مەلیكۆڤ فریاكەوتووە بەوردی سەرنج لە هەڵسوكەوتی قاسم ئاغا بدات (كەسێكە دوورە لەوەی لاواز بێت و پتەوە لە قسەكردندا، هەموو ئەمانە دەنگۆكان لە بارەی كەسایەتییەوە پشتڕاست دەكەنەوە)، بە بۆچوونی ئەو سەرهەنگە، لەم خاڵانەدا زۆر جیاواز بووە لە كوردەكانی تر، لەم رێگەیەوە دەكرێت، هیوا لەسەر دڵسۆزی هەڵبچنین (ئەگەر ئێمە تووشی شكستی زۆر گەورە نەبینەوە).

لە هەموو حاڵەتێكدا، وەك لۆریس – مێلیكۆڤ ئاماژەی پێكردووە، دۆستایەتی لەگەڵ كورددا، مایەی گرەنتی ئارامی ناوچە سنوورییەكانی روسیان، بەلای كەمەوە تا كۆتایی زستان[42] .

گەیشتن بەو متمانەیە لەنێوان هەردوولادا، لە راستیدا هاوكاریی كەمكردنەوەی دزی و تاڵانكردنی دەدام، ئەمە ئەو كارەبوو، كە كورد دەیانكرد، تەنانەت لەكاتی ئاشتیشدا، هەروەك هۆزە كۆچەرییەكان بەلای راستی رووباری ئارپاچی لە دووری چوار بۆ پێنج فرسەخ لە گوندە ئەرمەنی نشینەكانەوە. لە كۆتایی (تشرینی دووەمی1853ەوە، تەنانەت یەك هێرش و تاڵانكاری نەكرایە سەر دانیشتوانە ئاساییەكان)[43]، بۆ توركیاش هەڵگەڕانەوەی قاسم ئاغا، تەنها بە مانای لە دەستدانی ئەو ناوچانە و هەموو كوردەكانی ژێر دەسەڵاتی نەبوو، بەڵكو مانای ئەوە بوو، كە هەموو كوردەكانی لە دەست دەدا. هەموو ئەو كوردە كۆچەرییانەی، كە لەگەڵ سەرۆك هۆزەكانیاندا لەوبەری سۆگانلۆخەوە، بە هامانشێوە رێزێكی زۆریان لە قاسم ئاغا دەنا و بەبێ هیچ گومانێك، هەمان كرداری ئەویان دووبارە دەكردەوە. ئەمە بە دەستكەوتێكی گرنگ دەژمێردرا، سەرباری كاریگەریی سوارەی كورد، روسیا ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵكەوت، كە پێویستی بەوە نەبێت نزیكەی چوار هەزار سەرباز تەرخان بكات بۆ كۆنترۆڵكردنی راوڕووتی ناوچە سنوورییەكان[44].

لەم بارودۆخەدا، لۆریس- مێلیكۆڤ (وای بۆ دەچوو، كە توركەكان، هەموو رێگەیەكی توند و خێرا دەگرنەبەر بۆئەوەی سەرلەنوێ سەرنجی قاسم ئاغا بۆ لای خۆیان رابكێشنەوە)، هەرچەندە كەرەستە و توانا سنووردارەكانی تورك، زەحمەت بوو سەركەوتنێكی ئەوتۆی، لەو دەرفەتە نزیكانەدا لێ وەدەستبهێنرێت. لۆریس مێلیكۆڤ پێشنیازی كردووە، دۆستایەتی لەگەڵ قاسم خاندا، بتەوبكرێت لە رێگەی دیاری و بەخشینی پارەوە. هەروەها پێشنیازی كرد كە ئەركێكی دیكە بخرێتە ئەستۆی كوردەوە، تا بتوانن سزای دانیشتووانی ئەو سنجاقانە بدەن، كە ئامادە نین ملكەچی دەسەڵاتی روسیا بن.

ئەم هەنگاوە دەبووە مایەی زیاتر دووركەوتنەوەی كورد لە تورك و رێگر دەبوو لەوەی لە پاش ئەو بارودۆخە لەگەڵ توركەكاندا پێكبێنەوە، بە تایبەتی هۆزە پەرت و بڵاووەكانی كورد[45].

لەهەمان كاتدا، ئەم پەیوەندییەی روسەكان لەگەڵ قاسم ئاغادا، مایەی دڵنەوایی بوو بۆ دانیشتوانی ناوچەكە. هەر ئەوكاتەی كە دەنگۆی سەردانەكەی لۆریس- مێلكۆڤ، بڵاوبۆوە، دانیشتوانی گوندەكانی؛ (زرچی، تسبنی، تیگۆر، ماڤراك، ناچیڤان، ئاراك و پیڤاك)، كە سەرجەم دانیشتوانەكانیان ئەرمەن بوون، نوێنەری خۆیان نارد بۆ ئەلێكسادەرۆپلسك و جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە، كە ئەوان ملكەچی دەسەڵاتی روسیا دەبن. تەنانەت هیوایەك هاتە ئاراوە، كە لە رێگەی قاسم ئاغاوە، هەموو نەتەوەكانی سەر سنوور مل كەچ بكەن تا دەگاتە كاگیزمان [46]، بەرامبەر بەم خزمەتەی قاسم ئاغا، لە 23 كانوونی یەكەمی 1854، لە رێگەی فەرمانێكی قەیسەرەوە قاسم ئاغا پلەی سەرهەنگی لە سوپای روسیادا پێ بەخشرا[47]، بەڵام



تابلۆیەكی كێشراوی جەنگی كریمیا



تابلۆیەکی کێشراوی جەنگی کریمیا

لەبەرئەوەی پەلەی نەبوو، کە زوو خۆی لە تورك جیا بکاتەوە، هەربۆیە پێبەخشینی پلە سەربازییەکەی ڕانەگەیەنرا[48].

سەرباری هەموو ئەمانە لە ساڵی 1855 روسەکان دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ دەست گرتن بەسەر سنوورەکاندا و لە مانگی ئایاردا ئیدی نە دەتوانرا ئەم ئامادەکارییانە بشاردرێنەوە[49]. لە کۆتایی شوباتی 1855، فەرماندەیی هێزەکانی یەریڤان جەنەڕاڵ سوسلاڤ، فەرمانێکی بە دەست گەیشت. کە بچنە گوندەکانی کیزل – کیکیس و حاجی بارامەوە[50].بەڵام پێش ئەمە سەرهەنگ ئ. پ. خریشاتیتسك و جەعفەر ئاغا[51] ڕاسپێردران بچن بۆ ئەم ناوچانە و بە چەند ڕۆژێك، کە هەموو کوردەکانی ئەم گوندانە و دەوروبەری بە مێگەل و پێداویستییەکانیانەوە بگوێزنەوە، بۆ ناو قووڵایی خاکی تورکیا و ناوچە سنوورییەکانی ئیمپڕاتۆریەتی روسیا. ئەمەش وەك هەنگاوێك تەماشا دەکرا بۆ کۆتاییهێنان بە ئاژاوە و پاشاگەردانی ناوچەکە [52]. هەربە زوویش ریشسپی گوندەکانی زیبی و تۆرۆس (ئاتۆ بابا ئۆغلی و تانۆ ئوغڵی) ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە سەرجەم دانیشتوانی ئەم گوندانە، ملکەچی دەسەڵاتی روسیان و ئەو گوندانەیان ئاشکرا کرد، کە ئازوخە و پێداویستی بۆ سوپای تورکیا تێدا شاردراوەتەوە[53]. لێرەدا شازادە بێبوتۆڤ، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، کە هەرچی ئەو کوردانەی سەربە روسیان لە دەستەڕاستی رووباری ئاراسەوە بگوێزرێنەوە بۆ بەری دەستە چەپی رووبارەکە. ئەمەش بە ئامانجی جیاکردنەوەی کوردەکانی سەربە تورکیا و لە هەمانکاتیشدا تا بتوانێت کۆنترۆڵی زیاتری بەسەریانەوە هەبێت. لە نیسانی 1854 دا 450 خێزان لە بیست گوندی جیاوازەوە، گواسترابوونەوە بۆ ئەم ناوچەیە[54].

## سەرچاوە و پەراوێز:


1. Аверьянов П.И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное положение турецких, персидских и русских курдов. Тифлис, 1900. С. 113
2 . Лазарев М.С. Курдский вопрос (1891–1917). М., 1972. С. 32–33. .
3 Лазарев М.С. Курдский вопрос… С. 32; Жигалина О.И. Из истории взаимоотношений курдов с русскими и Россией // Курдский альманах. I. М., 2001. С. 124.
4 . Кобищанов Ю.М. Кавалер ордена Св. Георгия // Вопросы истории. 1998. № 1. С. 152.
5. Акты, собранные кавказской археологической комиссией (далее – АКАК). Т. XI. Тифлис, 1888. С. 326–327; Аверьянов П. Курды в войнах… С. 156..
6 . АКАК. Т. XI. С. 326..
7. ئۆ. ی. ژگالینا لە مێژووی پەیوەندی دوو لایەنەوە، لا 124دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شازادە بێبوتۆڤ، ئەوەی لە هێزەکانی یەریڤان یاساغ کرد، کە بە درێژای شۆڕشەکە، هیچ کاردانەوەکیان هەبێت دژ بە تورکان)، بەبێ ئەوەی هیچ دۆکیۆمێنتێك هەبێت ئاماژە بەوە بکات، کە کوردەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبووە بە سوپای روسیاوە لە بەشی ئاسیای تورکیادا، لەم سەردەمەدا و لە گەڵ شەپۆلی ناڕەزایەتی کورددا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە، کە سوپای روسیا لە سەروبەندی جەنگیشدا، سەرکەوتنی کوردی بەلاوە گرنگ نەبووە، بۆ ئەوەی وەك فاکتەرێك بەکاربهێنرێت بۆ هەرەس پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. نووسەر.
8. Лазарев М.С. Курдский вопрос… С. 32; Лазарев М.С. Новая Россия и старый курдский вопрос // Азия и Африка сегодня. 1994. № 1. С. 8–12; Лазарев М.С. Россия и Курдистан (Уроки истории и новые задачи) // Курдский альманах. I. С. 32–57; Лазарев М.С. СССР и Курдистан // Азия и Африка сегодня. 1995. № 3. С. 2–8; № 4. С. 8–13.
9 . История Курдистана / Под ред. М.С. Лазарева, Ш.Х. Мгои. М., 1999. С. 153.
10. Зайцев И.В., Крол А.А. «Вражьи рифмы»: Первый египетский кризис, хадж из Крыма и египетская пропаганда среди крымских татар в 1832 г. // Восток. Афро-азиатские общества: история и современность. 2016. № 5. 2016. С. 96.
11. Лихутин М. Русские в Азиатской Турции в 1854 и 1855 годах. Из записок о военных действиях Эриванского отряда. СПб., 1863. С. 171–172..12 . Аверьянов П.И. Указ. соч. С. 16.13. Халфин Н.А. Борьба за Курдистан (курдский вопрос в международных отношениях XIX века). М., 1963. С. 4014. Курд Оглу. Курды и империализм // Бюллетень прессы Среднего Востока (Ташкент). 1932. № 13 –14. С. 102.
15 . Зайцев И.В., Крол А.А. «Вражьи рифмы»… С. 100.
16 . АКАК. Т. XI. С. 504. О наличии последователей известных курдских шейхов в Дагестане см.: Бадерхан Ф. Из истории ордена накшбандия в Курдистане // Курды Западной Азии (XX – начало XXI в.). Проблема курдского самоопределения. Сборник статей. М., 2012. С. 28. Более того, согласно курдским источникам, имам Шамиль также являлся мюридом известного курдского шейха Халида (Там же; Bandem C. The Ottoman Crimean War (1853–1856). Leiden; Boston, 2010. P. 149). Возможность установлении тайной связи между курдами и горцами Кавказа допускал и Ф. Энгельс (Энгельс Ф.Священная война // Маркс К., Энгельс Ф. Сочинения. Т. 9. М., 1957. С. 452).
17. لە ئەرشیفی ڕێکخراوی (بەڕێوبەرایەتی پارێزگای قارس) لە دۆکیۆمێنتی (ف. 15099)، کە ڕاپۆرتی لە بارەی جەنگەکانەوە تیدا پارێزراوە، کۆمەڵێك ڕاپۆرت لەخۆدەگرێت لەبارەی بارودۆخی فەوجی کورتینییەوە لە 1854 – 1856 (ڕەفەی 1 دۆکیۆمێنتی 14) نامەی نووسرا و ئاڵوگۆڵکراو لە بارەی گواستنەوەی کورتینییە کوردەکانەوە، بۆ ژێر دەسەڵاتی روسیا و لەبارەی شێوازی گواستنەوەیان بۆ نێو سنوورەکانی روسیا. (ڕەفەی 1 دۆکیۆمێنتی15)، ئەو ڕاپۆرتانە لەخۆدەگرن، کە باس لە هێرشی کورد دەکەن لە تورکیاوە بۆ سەر دانیشتوانی پارێزگای قارس لە ساڵی 1855 و (ڕەفەی 1 دۆکیۆمێنتی 22) و چەند کەرەستەیەکی دیکەش لەخۆدەگرن. نووسەر.
18-ئەم کەرەستانە بوونە بنەمای سەرەکی ئەو سەرچاوانەی کارەکانی پ. ن. ئەڤێریانۆڤ. نووسەر.
19. РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 2 об.
20- جۆرە هێزێکی نا نیزامی بوون لە سوپای عوسمانی، لە پیادە و سوارە پێك دەهاتن، بە چەکی جۆراو جۆرەوە کە هی خۆیان بووە و لە ژێر فەرماندەیی جۆراوجۆردا خزمەتیان کردووە و زۆربەیان کورد و ئەلبان و چەرکەس بوونە، ئەم سەبازە نا نیزامییانە بە ئازایەتی ناسراو بوون، بەڵام لەبەر پابەند نەبوونیان بە یاسا و ڕێساوە، سومعەتیان زۆر خراپ بووە لە بەر کاری تاڵان و خراپ مامەڵە کردنیان لەگەڵ خەڵکی مەدەنی. باش بوزوق لە دوو وشە پێك دێت، باش بە مانای سەر یان سەرۆك، بوزوق یان خراپ و تێکچوو، مانا گشتییەکەی ناشارستانی دەگەیەنێت، یان ئەو سەربازە خۆبەخشانەی سەرکردەیان نییە.
21. Лихутин М. Указ. соч. С. 1.
22. جگە لە کازاك، بە هەموویەوە نزیکەی پێنج هەزار کەس لەسەر سنوورەکانی روسیا و تورکیا دەژیان (بەشیوەیەکی خراپ چەکدار کرابوون و بە بارودۆخێکی خراپدا گوزەریان دەکرد ، بە هۆی بە زەحمەت دابین کردنی خواردەمەنی بۆ سەربازەکان.
(Киняпина Н.С. Внешняя политика России первой половины XIX в. М., 1963. С. 246). См. также: Бестужев И.В. Оборона Закавказья в Крымской войне 1853–1856 годов.
23 . РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 1, 1 об.
24. Там же, л. 3.
25. Лихутин М. Указ. соч. С. 142.
26. تاوەکو کاتی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهان، کوردان بەشێکی سەرەکیی و پێکهێنەری هێزی سوارەی سوپای تورك بوون:
(Вильчевский О. Курды. Введение в этническую историю курдского народа.
М.; Л., 1961. С. 41). При этом кн. И.Ф. Паскевич отмечал в сентябре 1853 г., что «турецкая конни ца, курды всегда были биты нашими мусульманами и линейцами» (Зайончковский А.М. Восточная война 1853–1856 гг. в связи с современной ей политической обстановкой. Т. II. СПб., 1912. С. 107)..
27 . Тарле Е.В. Крымская война. Т. I. М., 2005. С. 334.
28. РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 6
29. Аверьянов П. Указ. соч. С. 88–89.
30. Курдское движение в новое и новейшее время. М., 1987. С. 15; История Курдистана… С. 162.
31. Описание сражения на Башкадыклярских высотах, 19 ноября 1853 года, ген.-л. кн. Бебутова // АКАК. Т. Х. Тифлис, 1885. С.
32. Там же. С. 773.
33. Аверьянов П. Указ. соч. С. 88.
34. РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 2
35. АКАК. Т. XI. С. 79.
36. Там же. С. 80.
37 Лихутин М. Указ. соч. С. 154.
38. РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 2.
39. Там же, л. 4–4 об
40 .Там же, л. 5–5 об.
41 . Там же, л. 1, 8.
42 .Там же, л. 5 об.–6
43 . Там же, л. 2 об
44. Там же, л. 6 об
45 . Там же.
46. Там же, л. 7
47. Там же, л. 45.
48. 7 АКАК. Т. XI. С. 80.
49. Богданович М.И. Восточный вопрос 1853–1856 годов. Т. IV. СПб., 1876. С. 247
50. РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 17–19.
51. یەکێك لە سەرۆک هۆزەکانی کورد، جەعفەر 1806-1817) ل 10 ئازاری 1853 هاتە خزمەتی سەربازییەوە لە ڕیزی سوپای قەیسەردا، بە پلەی ئەفسەری پلە دوو، بەڵام لە 27 ئەیلوول 1854 ڕاستەوخۆ پلەی بەرزکرایەوە بۆ سەرهەنگ، لە ساڵی 1871 پلەی ژەنەڕاڵ – سەرهەنگی وەرگرت. نووسەر.
52. РГВИА, ф. 15099, оп. 1, д. 15, л. 20.
53. 2 Там же, л. 16–16 об.
54. Аверьянов П.И. Указ. соч. С. 107


کوردستانی نوێ
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچوو

خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: محەمەد کەریم
جێگرانی سەرنووسەر: مەریوان مەسعود - جەمال ئاریز
سکرتاریەتی نووسین: ئیسماعیل مەحمود - ڕۆژا دڵشاد مەریوانی - هەڵکەوت زەنگەنە
سەرپەرشتیار: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ژمارەی تەلەفۆن: 00964533301643 – 009645333016
Email: knwe@knwe.org
www.Knwe.org

ناونیشان: عیراق . هەرێمی کوردستان . سلێمانی . شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان